# ڕۆشنبیر و گەندە ڕۆشنبیر

**ئاسۆ حەسەن**

مەسەلەیەکی زۆر گرنگ لە ژیانی ئەدەبی ئێمەدا تەشەنەی سەندووە کە کەم تا زۆر ڕەنگدانەوەی ئەو بارو دۆخەیە کە بەسەر ژیان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانماندا تێئەپەڕێ، ئەو گرفتەش درمی نێو پەیوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانە خەریکن هونەرو ئەدەب و داهێنانیش ئەگرێتەوەو جەستەی ڕۆشنبیری تووشی هەڵوەشاندنەوە ئەکات، ئەم دیاردانە لە شێوەی پەیوەندیەکاندان بۆ نموونە پەیوەندی خێڵەکی و خزمایەتی و بیری نادیموکراسیانە ئازای جەستەی کایەی ڕۆشنبیریمانی داگیر کردووە،بێگومان ئەمەش وەزعێکی دروست کردووەو بارێکی وای خوڵقاندووە کە شتەکان تێک بچن و جومگەی گەشەکردنە ئەدەبیەکانمان تووشی شێوەیەک لە نەخۆشیە کوشندەکانی ڕۆماتیزمی بڵاوبوونەوەو گەندە نووسەرو شاڵاوی کوللە ئاسایی ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبی سەقەت و وەرگێڕانی چەواشە بێت. کە ئەڵێم ڕۆماتیزمی بڵاوکردنەوە مەبەستم لەو هەموو نووسینە سەقەت و پەککەوتانەیە کە کەم کەسی هەست بەرز هەیە بتوانێ تەحەمولی بکات ، تەحەمول نەکردنی ئەو هەموو نووسینانە بۆ کەسی داهێنەرو کەسی تێگەیشتوو لە بونیادەکانی نووسین و جیهانی نووسین و کولتووردا ژانێکی جەرگبڕە .

ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر هۆکار هەن بوونەتە هۆی تەشەنەکردنی درمەکانی نووسین و دەردەکانی زۆربوونی گەندەنووسەران. ئێستا مۆدەکە تەنیا ئەوەی نەگرتوەتەوە کە کەسێک بێت و ووتارێ بنووسێت و بڵاوی کات و ببڕێتەوە ، بەڵکو ژانەکە لەوەدایە کە هەر خوودی ئەو گەندە نووسەرە لەپڕ ئەبنە پاڵەوانی کولتوورو سیاسەت و هونەرو ئەدەب، هەر ئەو گەندە نووسەرەنە بڕیار لە هێزو توانای داهێنانی ئەوانەش ئەدەن کە داهێنەرن، ئەمە سەرەڕای ئاوماڵکردنی هەموو ئەو نووسین و بەرهەمانەی ئەچنە بەردەست و حزوری ئەو.

گەندە نووسەر ئەگەر دیاردەیەکی تازە بێت و تازە پەیدا بوبێت ئەوە بە هەڵەدا چووین ، ئەم شێوە قەڵەم و ئەم دیاردەیە هەموو سەردەمێک هەبوون و بەردەوام ویستوویانە سەردەم بە پێی حەزو ئارەزووەکانی خۆیان هەڵسوڕێنن ، ویستوویانە جێ پێی ئەو کەسانە لەق بکەن کە بەڕاستی دڵسوزی ڕۆشنبیری و داهێنانن ، بەڵام لە هەموو کۆمەڵگایەک بڕێک دەنگ پەیدا بوون ، نەیانهێشتووە ئەو شێوانە زێدەڕۆیی بکەن و بەردەوام بن لە پڕۆژە بۆگەنەکانیان. بەڵام بەداخەوە ئەشڵێم بەداخەوە لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ هەر ئەو نووسەرانە ئەوەتا لای ئێمە خۆیان ووتەنی ئەسپ سوارئەدەن و گرمەیان دێ و دەنگیان نێرە.

گەر بڵێین ئەمە ڕەنگدانەوەی ئازادی نووسین و مۆدەکانی دیموکراسی ئەم سەردەمەیە ڕێی تێ دەچێت خۆ لە وڵاتی نەگبەتی و نەهامەتی و بازرگانەکانی سیاسەت شتێکی ئاساییە ، بەڵام خۆ زلکردن و قەبەکردنی گەندەکان زەنگی خەتەرن بۆ سەرگشت پەیوەندیەکانمان . لەوەش بترازێ ئەمڕۆ هەر ئەو گەندانەن بڕیار لە چارەنووس و بڵاوبوونەوەی دەنگی داهێنەرو بەتواناکان ئەدەن و

هەر ئەوانیش بەو زەوقسسی و نەهامەتیەکانیان دەستەیەکن  بۆ هەڵسەنگاندن و ڕێگادان بە داهێنەران بۆ ئەوەی دەنگیان لە نێو خەڵکی و بەردەستی وەرگراندا بزرنگێتەوە .بەڵام ناشبێ ئەوەمان لەیاد بچێت هەمان ئەو دیموکراسیە لە جێگای دیکە ڕێگا لەو شێوە گەندە ڕۆشنبیرانە ئەگرێ و نایەڵێ ببنە بەشێکە لە کایەی داهێنان.

دەردەکە ئەوەندە مەزنە جار جار لە ئاست ئەنجامەکانی تووشی نائومێدیەکی قوڵ ئەبین.دەردەکە گرانە لەبەر ئەوەی ئەوان بوون بەشێک لە مێژووەکەو ئەوان بوون بە بەشێک لە دەنگەکان بەڵکو ئەوان خەریکن کۆنترۆڵی بازاڕەکانی ڕۆشنبیری ئەکەن و خەریکن هەرچی هێزو ئابووری و تواناکانی بڵاوکردنەوەیە ئەچێتە ژێر ڕکێفیان ، ئەوان دەستنیشانی تواناو هێزو بڕیارو ئەو بۆچووونانە ئەکەن کە چارەنووسی داهێنان و نووسین و بەرهەمە هونەریەکان دیاری ئەکات ، ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنیشە هەر ئەو گەندە نووسەرانەن ئەمڕۆ بڕیاری بەخشینی خەڵات و مەزنکردن و بەرزکردنەوەی ئەم نووسەرو ئەو نووسەر ئەدەن ، هەر ئەو گەندانەن وایان کردووە دەستی پارت و هێزە سیاسیەکان لە دەستی نووسەرو هونەرمەند درێژتر بێت و زمانی ئەوان بەسەر ئەماندا زاڵ بێت، و هێزی ئەوان نەمرتر بێت لە هێزی ڕۆشنبیران ، هەر ئەوان وایان کردووە ڕۆشنبیر بە ملکەچی لەبەر دەرگاکانی ئەواندا چاوەڕوانی مەرحەمەت و ڕەحمی خەزنەدارەکانیان بێت و ڕۆشنبیر سڵیان لێ بکاتەوە، کەچی لەکاتێکدا پێویست بوو سیاسیەکان سڵ لە تواناو هێزو بیرکردنەوەی ئەوان بکەنەوە، لە کاتێکدا ئەبوایە ئەوان بۆ پێویستیەکانیان پەنایان بردبایە بەر ڕۆشنبیران بۆ ئەو پێویستیانەی کە ئەمڕۆ ژیانی بیرکردنەوە پێویستێتی.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش دیاردەی فووتێکردن و بەرزکردنەوەی ئەم و ئەو لەسەر حیسابی پەیوەندیەکانی هاوڕێیەتی و نزیکایەتی و خزمایەتی وایان کردووە ، مرۆڤ نەتوانێ بەراوردکاری لە نێوان ئەو دەنگانە بکەیت کە بە ڕاستی دەنگن و داهێنەرن. ئەوەندەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن و بەرنامە تایبەتیەکان بۆ نووسەرێک یان گەندە نووسەرێک یان گەندە هونەرمەندێ تەرخان ئەکرێت ، ئەوەندە ئەو تەرخان کردنە بۆ کەسێکی تر ڕوونادات، ئەوەندەی پڕوپاگەندەو پیاهەڵدانی کەسێک ئەکرێت ، ئەوەندە بۆ کەسێکی تر ئەم کارە ناکرێت ، ئەمەش بۆ خۆی ئەبێتە هۆی تەشەنەکردنی سلبیات و خراپەکاریەکانی نێو دنیای ڕۆشنبیری.

ئەمڕۆ نووسەرو هونەرمەندو داهێنەری کورد بیەوێ و نەیەوێ لە دوو قەیرانی گەورەدا ئەژی ، دوو قەیرانی جەرگبڕ ، یەکەمیان قەیرانی ونکردنی شوناسنامەی خۆی و دووەم قەیرانی خۆتەسلیمکردن. یەکەم شوناسنامەی نووسەرو هونەرمەندی ڕاستەقینە ئەوەیە کە پێکەوە کار بکەن و لە نێو پەیوەندیە ڕۆشنبیریەکانیاندا دەستنیشانی تواناکان و هێزی و لاوازی بکەن و نووسین و بەرهەمەکان لە نێوان خۆیان و بە پێی پێوانەکانی داهێنانی خۆیان دەستنیشان بکرێت ، نەک لەژێر کاریگەریەکانی دەرەوەی تواناکانیان ، واتە پارێزگاری بازنەی خۆیان بکەن و نەچنە نێو بازنەی بەرژەوەندیە سیاسیەکانەوە. دووەم تەسلیم نەبوون بەو هەموو کاریگەریە ماددی و مەعنەویانەی کە کەسانی سیاسی پێی هەڵدەستن ، تەسلیم نەبوون خۆی لەخۆیدا سەرکەوتنە بەسەر ئەو هێرشانەی کە ئەیانەوێ بیری داهێنان و بیری ڕۆشنبیری بۆ خۆیان پاوان بکەن. تەسلیم نەبوون واتە بەرگریکردنی لە هەموو ئەو شتانەی کە زیان بە توانای ڕۆشنبیر ئەگەیەنن، ئەمڕۆ ئەرکە لەسەر ڕۆشنبیر خۆی لە نێو بەرژەوەندی ڕۆشنبیریدا ببینێتەوە نەک لە نێو بەرژەوەندیە سیاسیەکان.

هەن ئەڵێن سیاسەت و هونەر یان سیاسەت و ئەدەب تەواوکەری یەکترین ، یاخوود ئەڵێن هونەرو ئەدەبی راستەقینە ئەوەیە کە بەرژەوەندیە سیاسیەکانی نەتەوەو نیشتمان بپارێزێت، رەنگە بەشێک لەم ووتەیە راست بێت ، بەلاّم تا ئەوکاتە راستە ئەگەر هاتوو هەردوو لا سنوورەکانی خۆیان بپارێزن و هیچیان نەبن بە رێپیشاندەرو دیاریکەری ئامانجەکانی ئەوی تر. کاتێک ئەڕوانینە نێو کایەی رۆشنبیری و مەودا هونەری و ئەدەبیەکانی ئێمە هەست بەو دەست درێژیانە ئەکەین کە هەردوو لا ئەیکەنە سەر یەکتری، بەداخیشەوە دەست درێژیەکان بەرژەوەندی ژەهراویان لە پشتەوەیە، ئەوەتا هونەرمەندو نووسەری راستەقیە و بە توانا لە نێو دەزگا رۆشنبیریەکان ئەو هێزە نین کە دەستنیشانی رەوتی داهێنان بکەن، بەڵکو ئەوان لە دەرەوەن و گەندە رۆشنبیران رابەری ئەوان ئەکەن.

بەداخەوە بڕێکی زۆر لە نووسەرو هونەرمەندە بە تواناکان تەنانەت لەو هەموو ئیمتیازات و توانایانەش بێ بەشن کە ئەبنە هۆی گەشەکردنی تواناکانیان ، بڕێکی زۆر لە نووسەران نەک تەلەفزیۆن و رۆژنامەو دەزگاکانی راگەیاندن ئابلۆقەیان خستوونەتە سەر ، بەڵکو لە پشت پەردەشەوە جەنگیان لەگەڵ ئەکەن و کودەتاو داوو تەڵەی ترسناکیان بۆ ئەنێنەوەو هەوڵیش ئەدەن لە نێو زەین و بیری خەڵکیدا بیانسڕنەوە.تەنانەن هەندێ لەو داهێنەرانەش بوون بە سەربازێکی وون و بە تواناو ئەو هەلومەرجانەی لەبەردەستیانە بەردەوامی بە کاری خۆیان ئەدەن و کۆڵیان نەداوە.